# جێناو لە زمانی کوردی و فەڕەنسیدا

## (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە)

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

**زانکۆی کۆیە/ کۆلێژی پەروەردە/ بەشی کوردی**

**Pakhshan.fahmi@koyauniversity.org**

## پوختە:

لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەر خوێندن و پشتڕاستکردنەوەی جێناو لە زمانەکانی کوردی و فەڕەنسی و جیاوازییەکانیان دەخەینە ڕوو. دەوری جێناو لە زماندا یەکجار گەورە و فرەوانە، بۆیە جێناو یەکێکە لە باسە زۆر بایەخدارەکانی زمانەوانی و چەندان لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. لە جێناودا بە شێوەیەکی بنجی دیاردەی کەس و خۆیەتی و نیشاندان لە پلەی یەکەمدا دێن. لە زمانی کوردیدا زاراوەکانی: (جێناو، ڕاناو، جێنام، ڕاناڤ، هتد) بەکار دێن، بەڵام بەکارهێنانی وشەی (جێناو) لە هەموو دەستەواژەکانی تر فرەوانترە، بۆیە لەم توێژینەوەیەشدا (جێناو) بەکار دەهێنین. لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا جیاوازیی نێوان جۆرە جیاوازەکانی جێناو لە زمانەکانی کوردی و فەڕەنسیدا دەکەین. تەنیا جێناوی سەربەخۆ هەیە، بە پێچەوانەی زمانی کوردی کە جێناوی لکاویشی هەیە. لە هەردوو زمانی کوردی و فەڕەنسیدا (١٠) جۆری جیاواز لە جێناوی سەربەخۆ هەن. لە هەردوو زماندا جێناوەکان بەپێی کەس و ژمارە، ڕەگەز و شێوازیان دەگۆڕێن. لە بەراوردەکەدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، لە کاتی وەرگێڕانی جێناوە فەڕەنسییەکان بۆ زمانی کوردی، هاوتاکانیان دەکرێت جێناوی سەربەخۆ بن یاخود لکاو، بۆیە هەموو ئەو جێناوە لکاوانەی لە زمانی کوردیدا هەن، لە زمانی فەڕەنسیدا جێناوی سەربەخۆ یاخود گەردانکردنی چاوگەکان شوێنیان دەگرنەوە. لە زمانی فەڕەنسیدا هەندێک جێناو هەن، دوای ئەو ناوە ناکەون کە شوێنی دەگرنەوە و یەک فۆرم و شێوازیان هەیە. توێژینەوەکە ئەوە نیشان دەدات کە جێناوەکان چۆن واتا دەگەیەنن و پێوەندیی زمانەوانیی ئاڵۆز دروست دەکەن.

وەرگرتن: ٢٠٢٥/٣/٧

پەسەندکردن: ٢٠٢٥/٥/١٣

بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٧/٢٧

**کلیلەوشە:**

جێناو، سەربەخۆ، بەراورد، کوردی، فەڕەنسی.

▪ گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە لێکۆڵینەوەی کوردناسی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات. گۆڤارەکە لێکۆڵینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە. ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.

## ١. پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە، لە جێناوی زمانی کوردی و فەڕەنسی دەکۆڵێتەوە. لێکۆڵینەوەکە هەوڵ دەدات تایبەتمەندی، جیاوازی و لێکچوونی جێناو لەم دوو زمانەدا بخاتە ڕوو. جێناو واتای کەس، شت، چۆنیەتی و چەندێتی دەگەیەنێت، لەسەر بناغەی هەر پێوەندییەک بێت. ئەو پێوەندییانەش بەپێی حاڵەتی پێویست پەیدا دەبن و دەگۆڕێن. ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠١٤، ٨). وشەی جێناو (Pronom) لە وشەی لاتینی (Pro) کە بە واتای جێ و وشەی (nom) واتا ناو پێک دێت کە شوێنی ناوێک دەگرێتەوە و دەتوانین بە شێوەیەکی سادە پێناسەی بکەین؛ وشەیەکە شوێنی ناوێک دەگرێتەوە. لە زمانی کوردیدا جگە لە زاراوەی جێناو، هەندێک جار زاراوەکانی: (ڕاناو، جێناو، ڕاناڤ، بۆناو، بەرناو،.....هیتر) بەکار دێت مەسعوود محەمەد، (١٩٧٤، ١٩)، نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠٠٩، ٢٦)، هەر هەموویان هەمان مەبەست و واتا دەگەیەنن. وشەی جێناو لە وشەکانی (pronoun)ی ئینگلیزی و (ضمیر)ی عەرەبی دەقاودەق وەرگیراون و هاتوونەتە ناو فەرهەنگی کوردییەوە و هەر لەسەر ئەو بنەمایەش مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. مەسعوود محەمەد، (١٩٧٤، ١٩). هەمان توێژەر پێی وایە فەلسەفە و دابەشبوونی بەشەکانی ئاخاوتن لە زمانی کوردیدا زۆر جیاوازترە لە زمانەکانی تر و ناکرێت پاڵپشت بە فێرگە ئەورووپاییەکان و زمانەکانی تر، جێناو لە زمانی کوردیدا پێناسەی بۆ بکرێت. منیش لەگەڵ ئەو ڕایەدام و لە توێژینەوەیەکی پێشترماندا بە نموونە ئەم بۆچوونە پشتڕاست کراوەتەوە. پەخشان فەهمی (٢٠٢٢، ١٥).

جێناو بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، لە جێی ناوی کەسێک یان شتێک دێت، واتا دەبێتە جێگرەوەی ناو. بە واتایەکی تر، ڕاناو وشەیەکە، لە بری ناوێک بەکار دەهێنرێت، جا ناوەکە لە پێشەوە بێژرابێ، یان لە یاددا بێت. نووری عەلی ئەمین (٢٠١٢، ٨٣). بۆ نموونە لە بری ئەوەی بڵێین: *ئازاد کار ناکات، ئازاد ناخوێنێت، ئازاد هەردەم یاری دەکات*، دەڵێین: *ئەو کار ناکات، ئەو ناخوێنێت، ئەو هەردەم یاری دەکات*. لێرەدا دەبینین وشەی (ئەو) شوێنی ناوی ئازاد دەگرێتەوە. واتە (ئەو) جێناوە.

ڕۆڵی جێناو لە زماندا یەکجار گەورە و فرەوانە، بۆیە جێناو یەکێکە لە باسە زۆر بایەخدارەکانی زمانەوانی. لە جێناودا بە شێوەیەکی بنجی دیاردەی کەس و خۆیەتی و نیشاندان لە پلەی یەکەمدا دێن. کێشەی واتا و ئەرکی جێناو لە لایەن زمانەوانانەوە تا ڕادەیەک بە جۆری جیاواز باس کراوە، هەندێک جار پەنجە بۆ ئەوە درێژ کراوە، جێناو لە بەرانبەر دانەکانی تری زمان وەک (وشەی بەتاڵ) وان و تەنیا لە ڕستەدا مانا پەیدا دەکەن. لەگەڵ ئەوەدا جێناو واتای تایبەتی خۆی هەیە و بە شێوەیەکی ئاڵۆز پێک هاتووە. ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠١٤، ١٩).

لەم توێژینەوەیەدا، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان جێناو لە زمانی فەڕەنسی و کوردیدا دەکەین لە ڕووی واتا و بەکارهێنان، کە تیایدا تیشک دەخەینە سەر چۆنیەتیی دابەشکردنی جێناوەکان لە هەردوو زمانەکە لە ڕووی واتاوە و چۆنیەتیی بەکارهێنانیان لە زمانی فەڕەنسی و کوردیدا.

لە ڕووی واتاوە، دە جۆر جێناو هەن. تایبەتمەندییەکی جێناوی کەسی لە زمانی کوردیدا ئەوەیە کە دوو جۆر جێناوی کەسی هەن، ئەوانیش جێناوی کەسیی سەربەخۆ و لکاون، لە بەرانبەردا لە زمانی فەڕەنسیدا تەنیا جێناوی کەسیی سەربەخۆ هەیە و لەو ڕووەوە بوارێکی فرەوانی بەراورد هەیە، بەڵام لە بری نەبوونی جێناوی لکاو لە زمانی فەڕەنسی لە ڕستەدا، چاوگی کارەکە کۆنجێگشن

دەکرێت؛ ئەمەش بە ڕای من هاوتای جێناوی لکاوە لە زمانی کوردیدا. پەخشان فەهمی (٢٠٢٢، ١٥).

لە زمانی فەڕەنسیدا زۆربەی جێناوەکان بەپێی ئەو ناوەی شوێنی دەگرنەوە دەگۆڕێن، واتا جیاوازیی ڕەگەزی و ژمارەیی لەو زمانەدا هەیە، بەڵام لە زمانی کوردیدا جیاکردنەوەی ڕەگەز تەنیا لە شێوەزاری کرمانجیدا هەیە. لەهەمان کاتدا لە زمانی فەڕەنسی هەندێک جێناو هەن نەگۆڕن واتە لەگەڵ گۆڕانی ڕەگەز و ژمارەی ناوەکە ناگۆڕێن، دواتر بە فرەوانی باسیان دەکەین. لە زمانی کوردی جێناوی نیشانە تەنیا دوور و نزیکی هەیە، بەڵام لە فەڕەنسی جێناوێکی نیشانەی تریش هەیە بۆ ئەو حاڵەتانە بەکار دێت کە ئاستی دوور و نزیکیان نییە. جێناوی هەیی لە زمانی کوردی و فەڕەنسی بوونیان هەیە و نزیکرین هاوتای ئەو جێناوە لە زمانی کوردی بە بەراورد لەگەڵ زمانی فەڕەنسی ئەوەیە کە لە شێوەزاری هەولێر هەیە، لەبەر ئەوەی وەرگێڕانی دەقاودەقە لەگەڵ هاوتاکەی لە زمانی فەڕەنسیدا. ئەو حاڵەتانەی سەرەوە و چەندان حاڵەت و شێوەی تر، لەگەڵ زیاتر لێکۆڵینەوە دەردەکەون، لەو توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین بیانخەینە ڕوو. هەندێک بەراورد هەن ڕوون دەرناکەون، لەو حاڵەتەدا پەنا دەبەین بۆ زمانێکی تر، وەک زمانی ئینگلیزی یاخود عەرەبی.

توێژینەوەی بەراودکاریی نێوان بەشەکانی ئاخاوتن لە نێوان دوو زمان یان زیاتر زۆر هەن، بەڵام تا ئامادەکردنی دەقی ئەم توێژینەوەیە، هیچ توێژینەوەیەک بەرچاو نەکەوتووە کە بەراوردی جێناو لە زمانەکانی کوردی و فەڕەنسی بکات، ئەم توێژینەوەیە، یەکەم هەوڵە لەم بوارەدا.

## ٢. ئامانج و مەبەستی توێژینەوە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنی جێناوە لە زمانەکانی کوردی و فەڕەنسیدا، هەروەها خستنەڕووی جیاوازییەکانیان لە ڕووی جۆر، بەکارهێنان و تایبەتمەندییەکانیانەوە. توێژینەوەکە هەوڵ دەدات ڕوونی بکاتەوە، چۆن جێناوەکان لە هەردوو زماندا واتا دەگەیەنن و پێوەندیی زمانەوانیی ئاڵۆز دروست دەکەن. هەروەها یەکێک لە ئامانجەکانی تری توێژینەوەکە ئەوەیە، بیخاتە ڕوو کە لە کاتی وەرگێڕان لە نێوان ئەم دوو زمانەدا، چۆن جێناوە فەڕەنسییەکان لە زمانی کوردیدا دەتوانن هاوتای جێناوی سەربەخۆ یان جێناوی لکاو بن و چۆن سیستەمی جێناو لە هەردوو زماندا بەپێی کەس، ژمارە و ڕەگەز دەگۆڕێت.

## ٣. جێناو لە زمانی فەڕەنسی و کوردی

لە زمانی فەڕەنسی و کوردی لە ڕووی واتا دە جۆر جێناوی سەربەخۆ هەن کە ئەمانەن De Kok (١٩٨٥، ٢٣ :

جێناوی سەربەخۆی کوردی و فەڕەنسی

١. جێناوی کەسی (Pronoms personnels)
٢. جێناوی هەیی (Pronoms possessifs)
٣. جێناوی خۆیی (Pronoms réfléchis)
٤. جێناوی نیشانە (Pronoms démonstratifs)
٥. جێناوی لێکدەر (Pronoms relatifs)
٦. جێناوی پرس (Pronoms interrogatifs)
٧. جێناوی نادیار/ دیار (Pronoms indéfinis/définis)
٨. جێناوی نەرێیی (Pronoms négatifs)
٩. جێناوی چەندێتی (Pronoms quantitatifs)
١٠. جێناوی هاوبەش (Pronoms réciproques)

هەندێک تایبەتمەندیی جیاکەرەوەی جێناوەکان لە زمانەکانی فەڕەنسی و کوردیدا هەن:

(أ) کەس: لە چوارچێوەی جێناوەکاندا، کەس تەنیا ئاماژە بە ڕۆڵەکانی ئەنجامدەرانی چالاکییەکی گوتاری دەکات. بە واتایەکی دیکە، ئەمە مانای ئەوەیە لە هەر دۆخێکی گوتاریدا، سێ کارەکتەری بەرچاو هەن: (کەسی یەکەم، کەسی دووەم و کەسی سێیەم) و ڕۆڵەکانیان وەک: (قسەکەر، گوێگر و ئاماژەپێکراو)ە.

(ب) ژمارە: ژمارە ئاماژە بە جیاوازیی ژمارەیی دەکات. لە هەردوو زمانەکانی فەڕەنسی و کوردیدا، ژمارەی تاک و کۆ هەن.

(ت) ڕەگەز: لە زمانی فەڕەنسیدا، جێناوەکان بەپێی ڕەگەزی کەسەکان پۆلێن دەکرێن. بەپێی ڕەگەز، سێ پۆل دیاری کراون (لە زمانی کوردیدا/ دیالێکتی سۆرانی، ئەم جیاکردنەوەیە نییە):

- ناوی نێر
- ناوی مێ

ناوی بێلایەن (بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە حاڵەتی گشتگیری، هەروەها بۆ ناوی تایبەت، ناوی کەسەکان، شوێن، شت یان ڕووداوەکان.)

### ١،٣ جێناوی کەسی (Pronoms personnels)

جێناوی کەسی، ئەو جێناوانەن کە کەس دەستنیشان دەکەن، واتە ئەوان ڕۆڵی ئەو ناوە دەبینن کە شوێنی دەگرنەوە Van Deyck (٢٠٠٣، ١٦٧، ١٧١). جێناوی کەسی لە زمانی فەڕەنسیدا پێی دەگوترێت (Pronom Personnel، وشەی (Personne) لە وشەی (Persona) (٢٠١٩, web page) Alain ی لاتینییەوە هاتووە، بە مانای ماسکی شانۆ یان کەسایەتی یاخود ڕۆڵ یان ئەکتەر دێت.

لە زمانی کوردیدا، جێناوی کەسیی سەربەخۆ و لکاومان هەیە، بەڵام لە زمانی فەڕەنسیدا تەنیا جێناوی کەسیی سەربەخۆ هەیە. جێناوە کەسییە کوردییەکان ئەمانەی خوارەوەن. وریا عمر ئەمین (١٩٨٦، ٨):

| ژمارە | کەس | سەربەخۆ | لکاو | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | ١ | ٢ | ٣ |
| تاک | ١ | من | م | م | م |
| | ٢ | تۆ | ت | یت | یت |
| | ٣ | ئەو | ی | - | ات/ێت |
| کۆ | ١ | ئێمە | مان | ین | ین |
| | ٢ | ئێوە | تان | ن | ن |
| | ٣ | ئەوان | یان | ن | ن |

خشتە ١: ڕاناوی لکاو و سەربەخۆ لە زمانی کوردی (نێر و مێ)

هەرچەندە جیاوازیی نێوان کۆمەڵەی (٢) و (٣) تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدایە، بۆ مەبەستی شیکردنەوە جیایان دەکەینەوە. جێناوی سەربەخۆ بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاک، یەک مۆرفیمن. کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی کۆ، هەر یەکە لە دوو مۆرفیم پێک هاتوون. یەکەم و دووەم لەو جۆرەن کە بە (suppletive) ناو دەبرێن، مۆرفیمی کەس و کۆیان تێدا لێک جیا ناکرێتەوە. کەسی سێیەمی کۆ لە مۆرفیمی کەسی سێیەمی تاک (ئەو) و نیشانەی کۆ (ا ن) پێک هاتووە (ئەو- ان). وریا عمر (٢٠٠٤، ٢١٦-٢١٧).

بەڵام لە دیالێکتی کرمانجیی سەرووی زمانی کوردیدا، دوو کۆمەڵە جێناو هەن، کۆمەڵەی (ئەز، ئەم) و کۆمەڵەی (من، مە)، بەکارهێنانی ئەو دوو کۆمەڵەیە بەو دوو شێوەیەی خوارەوەیە. نەریمان عبداللە خۆشناو (٢٠١٢، ٥٧):

✓ کۆمەڵەی (ئەز، ئەم) لەگەڵ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ بەکار دێن، بەو شێوەیەی خوارەوە:

| کەسەکان | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | ئەز | ئەم |
| دووەم | تو | هون (هوین) |
| سێیەم | ئەو | ئەو (ئەوان) |

خشتە ٢: کۆمەڵەی ڕاناوی (ئەز، ئەم) (نێر و مێ)

بۆ کاری تێنەپەڕ، ئەرکی بکەر دەبینێت، وەک:

| | |
|---|---|
| **ئەز** هاتم. | **ئەز** دێ هێم. |

لەگەڵ کاری تێنەپەڕیش دێت، لەو حاڵەتەیشدا ئەرکی بکەر یان بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبینێت.

| | |
|---|---|
| **ئەز** دێ داری چێنم. | **ئەز** تە دبینم. |

✓ کۆمەڵەی (من، مە) تەنیا لەگەڵ کاری تێپەڕ بەکار دێت و ئەرکی بکەر دەبینێت، جێناوەکانی ئەو کۆمەڵەیەیش، بەو شێوەیەی خوارەوەن :

| کەسەکان | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | من | مە |
| دووەم | تە | وە |
| سێیەم | وی (نێر) – وێ (مێ) | وان |

خشتە ٣: کۆمەڵەی ڕاناوی (من، مە)

| | |
|---|---|
| **من** نامەک نڤیسی. | **وی/وێ** نامەک نڤیسی. |
| **من** ڕاستی گۆت. | **وی** ڕاستی گۆت. |

لە شێوەزاری کرمانجیی ژووروودا، جێناوە کەسییەکان ئەو دۆخانەی کە تێیدا بەکار دێن، دابەش دەکرێنە سەر. نەسرین فەخری و کوردستانی موکریانی (١٩٨٢، ٦٤-٦٥):

- جێناوەکانی دۆخی کارا، کە ئەو جێناوانەن:

| کەس | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| ١ | ئەز | ئەم |
| ٢ | تو | هون |
| ٣ | ئەو | ئەوانە |

خشتە ٢: جیناوەکانی دۆخی کارا لە زمانی کوردی

- جێناوەکانی دۆخی خاوەنداری، کە ئەم جێناوانەن:

| کەس | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| ١ | من | مە |
| ٢ | تە | وە |
| ٣ | وی (نێر)، وێ (مێ) | وان |

خشتە ٣: جێناوەکانی دۆخی خاوەنداری لە زمانی کوردی

لە زمانی فەڕەنسی جێناوە کەسییەکان بەو شێوەیەی خوارەوەن:

| | تاک | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|
| | کوردی | فەڕەنسی | کوردی | فەڕەنسی |
| نێر، مێ | من | Je, me, moi | ئێمە | Nous |
| نێر، مێ | تۆ | Tu, te, toi | ئێوە | Vous |
| نێر | ئەو | Il, lui, le, soi | ئەوان | Ils, eux, les, leur |
| مێ | ئەو | Elle, lui, la, soi | ئەوان | Elles, les, leur |

خشتە ٤: جێناوە کەسییەکان لە زمانی فەڕەنسی و کوردیدا

جێناوە کەسییەکان لە جۆر و ژمارەدا تاکن یان کۆ لە ڕەگەزیش نێرن یان مێ، لە زمانی کوردی لە شێوەزاری سۆرانی نێر و مێ نییە، بەڵام لە شێوەزاری کرمانجیدا نێر و مێ هەیە؛ لە هەمان کاتدا وەک ئەو ناوانەن کە شوێنیان دەگرنەوە De Kok (١٩٨٥، ٢٣). سێ جێناوی کەسی تریش هەن ( y, en, se) کە شوێنی کەسی سێیەمی تاک و کۆ و نێر و مێ دەگرنەوە و فۆڕمیان ناگۆڕێت واتە نەگۆڕن، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| ئەو ئەسپانە شێتن، لێیان نزیک مەبنەوە. | Ces chevaux sont vicieux; n'**en** approchez pas. |
| ئەوڕۆ دەریا خۆشە، دەبێ کەڵکی لێ وەربگرین. | La mer est magnifique aujourd'hui ; il faut **en** profiter. |

لەم نموونەیەدا، دەبینین کە ئەم جێناوە فەڕەنسییە لە زمانی کوردی هاوتاکەی جێناوێکی لکاوە. لەو دوو نموونەیەی سەرەوە جێناوی کەسی (en) لە ڕستەی یەکەم شوێنی ناوێکی نێری کۆ دەگرێتەوە و لەڕستەی دووەم جێی ناوێکی مێی تاک دەگرێتەوە، بەڵام لە هەردوو حاڵەتدا یەک فۆڕمی هەیە، واتە نەگۆڕە و لەگەڵ شێوەی ناوەکە ناگۆڕێت. ئەو ڕوونکردنەوەیە بۆ جێناوەکانی (y, se) ڕاستە بۆیە لێرەدا پێویست ناکات نموونە بۆ هەریەکەیان بهێنینەوە.

جێناوەکانی (il, ils) هەردەم نێرن و جێناوەکانی ( elle, elles) هەردەم مێن. (Il, le) نێرن ئەگەر هاتوو شوێنی ناوێکی نێر بگرنەوە بۆ نموونە سەرنجی ئەو دیالۆگە بدە:

| | |
|---|---|
| ا. ئازاد برای منە، **ئەو** لە پاریسە، تۆ **ئەو** دەناسی؟ | A. Azad est mon frère ; **il** est à Paris.Tu **le** connais ? |
| ب. نەخێر من **ئەو** ناناسم. | B. Non, je ne **le** connais pas. |

لەم نموونەیەدا Il, le شوێنی ئازاد دەگرنەوە کە ناوێکی نێرە کەواتە جێناوەکان نێرن. بەڵام ئەگەر هاتوو Il, le شوێنی شتێکی بێ لایەنیان گرتەوە ئەوە ئەوانیش دەبن بە بێ لایەن. وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| من **ئەوە** دەزانم | Je **le** sais. |
| بارانە | **Il** pleut. |

چەند تێبینیەکی گرنگ لە بارەی جێناوی کەسیی لە زمانی فەڕەنسی:

- ✓ je, me, moi, tu, te, toi, vous, lui, se, soi, les leurs نێرن یاخود مێ.
- ✓ Je, tu, il هەموو کات بکەرن.
- ✓ me, te, se, le, la, les, leur هەموو کات تەواوکەرن.
- ✓ Le, la, les هەندێک جار وەک دیارخەر (The لە زمانی ئینگلیزی) هەندێک جاریش وەک جێناو دێن، بۆ نموونە:
- Le, la, les دیارخەرن ئەگەر هاتوو لە پێش ناو بێن وەک:

| |
|---|
| Le soleil (The Sun), La Lune (The Moon), Les étoiles (The stars) |

تێبینی ئەوە بکە کە نموونەکانی ئەو خاڵە بە زمانی ئینگلیزین، لەبەر ئەوەی نموونەی کوردی زۆر بە ڕوونی ئەم حاڵەتانە ڕوون ناکەنەوە، لەبەر ئەوەی دیارخەر لە دوای ناو دێت لە زمانی کوردیدا، بۆ نموونە : ڕۆژە**کان**، مانگە**کان**، ئەستێرە**کان**.

- جێناون Le, la, les ئەگەر هاتوو لە پێش کار بێن وەک:

| | |
|---|---|
| من **ئەو** دەناسم. (نێر) | Je **le** connais. |
| من **ئەو** دەناسم. (مێ) | Je **la** connais. |

✓ جێناوی (se) بە جێناوی هاوبەشیش دێت لە زمانی فەڕەنسیدا بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| ئێمە قسە لەگەڵ **یەکدی** دەکەین. | On **se** parle |

✓ لە زمانی فەڕەنسیدا دوو بەکارهێنانی جێناوی کەسی سێیەمی تاکی نێر هەن Moignet (١٩٨٢، ٩٢): بەکارهێنانێکی نادیار، بۆ نموونە (Il pleu) بە مانای (بارانە) و بەکارهێنانێکی تایبەت، بۆ نموونە (il faut le faire) بە مانای (دەبێت بکرێت).

✓ وەک باسمان کرد لە زمانی فەڕەنسیدا جێناوە کەسییەکانی جیاوازی نێوان نێر و مێ دەکەن، چ لە تاکدا و چ لە کۆدا. تایبەتمەندییەکی تایبەت بە کەسی سێیەم هەیە، بە نموونەیەک ڕوونی دەکەینەوە: ( il lit ،elle lit ،ils lisent و elles lisen). لەم نموونانە جێناوەکان هەموویان ڕۆڵی بکەر دەبینن. لە کاتی بوونیان بە بەرکار، جێناوە نێرەکان چ تاک بن چ کۆ، زاراوەکانیان دەگۆڕێت، بەڵام جێناوە مێیەکان زاراوەکەیان ناگۆڕێت. بە واتەیەکی تر، جێناوەکانی il و ils کە نێری تاک و کۆن، تایبەتن بە ئاستی کرداری و ناتوانن لێی دەربچن، بە پێچەوانەوە elle و elles کە مێی تاک و کۆن، دەتوانن هەم ڕۆڵی بکەر هەم بەرکار ببینن. بو نموونە، لە ڕستەی (elle lit) بە مانای (ئەو دەخوێنێتەوە)، جێناوی (elle) کە کەسی سێیەمی تاکی مێیە، ڕۆڵی بکەر دەبینێت، بەڵام لە ڕستەی (c'est grâce à elle) بە مانای (بە بۆنەی ئەو) هەمان جێناو ڕۆڵی بەرکار دەبینێت و زاراوەکانی ناگۆڕێت. بەڵام لە کەسی سێیەمی نێر زاراوەکە دەگۆڕێت (il lit) و (c'est grâce à lui)، دەبینی لە کاتی بوون بە بکەر جێناوەکە (il) ە و لەکاتی بوون بە بەرکار جێناوەکە (lui)ە. ئەمە بۆ کەسی سێیەمی (کۆ)یش ڕاستە ((Elles → Elles، (Ils→Eux))

## ٢،٣ جێناوی هەیی (Pronoms possessifs)

جێناوی هەیی ئەو جێناوانەن کە شوێنی ناوێک دەگرنەوە و بیرۆکەی هەبوونی بۆ زیاد دەکەن، Wagner (٢٠١٤، ١٢) لێرەدا هەیی و خاوەنییەتی هەردووکیان هەمان شت دەگەیەنن، کە (تملک)ە، بەڵام ڕاستتر وایە بڵێین (خۆیەتی). جێناوی خۆییش لە پاڵ ئەو ڕێگایانەی کە بەکار دێت ڕۆڵی خۆیەتی دەبینێت، کە ئەویش بارێکی تری بەکارهێنانی (جێناوی خۆیی)یە لە ڕستەدا. جێناوی خۆیی ڕەسەن و دۆخ نانوێنێ، واتە لە ڕەگەزدا بۆ نێر و مێ لە زمانی کوردی هیچ جیاوازییەکی نییە، بەڵام بۆ دۆخ ڕوونی نەکردووەتەوە کە مەبەستی چ دۆخێکە بەدرخان سلێمان عەلی (٢٠٠٦، ١٨). بە پێچەوانەی زمانی کوردی، لە زمانی فەڕەنسیدا ڕەگەز و ژمارە جیاوازییان هەیە، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| ئەو کۆمپیوتەرە **هیی منە** (نێر) | Cet ordinateur est **le mien**. |
| ئەو خانووە **هیی منە** (مێ) | Cette maison est **la mienne**. |

لە ڕاستیدا ئەو ڕستانەی سەرەوە بەو شێوەیەن:

| | |
|---|---|
| ئەو کۆمپیوتەرە **کۆمپیوتەری منە** (نێر) | Cet ordinateur est **mon** ordinateur. |
| ئەو خانووە **خانووی منە** (مێ) | Cette maison est **ma** maison. |

تێبینی دەکەین کە هەردوو جێناوی le mien و la mienne شوێنی ناوەکانی کۆمپیوتەر و خانوو دەگرنەوە، لە هەمان کاتیشدا ئاماژەی خۆیەتیی ناوەکان دەدەن. ئەگەر بمانەوێت نزیکرین هاوتای ئەو جێناوە لە زمانی کوردیدا بدۆزینەوە، ئەوە لە شێوەزاری هەولێر دەیدۆزینەوە کە لەو شێوەزارە لە بری ئەوەی بڵێین (هیی من) دەڵێین (ئی منە)، ئەوەش وەرگێڕانێکی دەقاودەقی le mien و la mienne ە. ئەو تێبینییە ڕاستە بۆ ئەو جێناوانەی لەو خشتەیەی لە خوارەوەش دێن. جێناوە هەیییەکان لە زمانی فەڕەنسیدا ئەوانەی خوارەوەن:

| کەس | کوردی: ناوی تاک | کوردی: ناوی کۆ | فەڕەنسی: ناوی تاک – نێر | فەڕەنسی: ناوی تاک – مێ | فەڕەنسی: ناوی کۆ – نێر | فەڕەنسی: ناوی کۆ – مێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم/تاک | هیی من | هیی منن | Le mien | La mienne | Les miens | Les miennes |
| دووەم/تاک | هیی تۆ | هیی تۆن | Le tien | La tienne | Les tiens | Les tiennes |
| سێیەم/تاک | هیی ئەو | هیی ئەون | Le sien | La sienne | Les siens | Les siennes |
| یەکەم/کۆ | هیی ئێمە | هیی ئێمەن | Le nôtre | La nôtre | Les nôtres | |
| دووەم/کۆ | هیی ئێوە | هیی ئێوەن | Le vôtre | La vôtre | Les vôtres | |
| سێیەم/کۆ | هیی ئەوان | هیی ئەوانن | Le leur | La leur | Les leurs | |

خشتە ٥: جێناوە هەیییەکان لە زمانی فەڕەنسی و کوردیدا

دەبێت ئاگادار بین کە leur بە جێناوی کەسییش دێت، بەڵام لەم حاڵەتەدا لە هیچ کاتێک (s) وەرناگرێت، بەڵام لە حاڵەتی کە بە جێناوی هەیی دێت، ئەوا لە کاتی شوێنگرتنەوەی ناوێکی کۆ (s) وەردەگرێت Carton (٢٠٠٩، ١٧٣-١٧٨) ، بۆ نموونە:

✓ حاڵەتی جێناوی کەسی :

| | |
|---|---|
| من نامە بۆ کچەکانم دەنووسم، من بە **ئەوان** دەڵێم کە بخوێنن. | J'écris à mes filles, je **leur** dis de travailler. |

✓ حاڵەتی جێناوی هەیی :

| | |
|---|---|
| من منداڵم خۆش دەوێت، یارییەکانی **ئەوانم** پێ خۆشە. | J'aime les enfants, **leurs** jeux m'intéressent. |

### ٣,٣ جێناوی خۆیی (Pronoms réfléchis)

لە زمانی کوردی جێناوی خۆیی جێناوێکی هاوبەشە لەنێوان هەر شەش کەسیی تاک و کۆدا. ئەم جێناوەیش واتای خۆیەتی و خاوەنییەتی دەگەیەنێت و کاتێک جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەخرێتە سەر

وشەی (خۆ) دەبێتە جێناوێکی لێکدراو وەک (خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان). لە زمانی فەرەنسیشدا بە هەمان شێوە جێناوێکی هاوبەشە لەنێوان هەر شەش کەسەکە، لەو زمانەیش وشەی (même) بەرجەستەی دەکات و بە لێکدانی لەگەڵ جێناوە کەسییە سەربەخۆکان دروست دەبێت، سەرنج بدە ئەو خشتەیەی خوارەوە :

| کەس | کوردی | | فەرەنسی | |
|---|---|---|---|---|
| | تاک | کۆ | تاک | کۆ |
| ١ | خۆم | خۆمان | Moi-même | Nous-même |
| ٢ | خۆت | خۆتان | Toi-même | Vous-même |
| ٣ | خۆی | خۆیان | Lui-même (نێر) Elle-même (مێ) | Eux-mêmes (نێر) Elles-même (مێ) |

خشتە ٨: جێناوە خۆییەکان لە زمانی کوردی و فەرەنسیدا

چەند نموونەیەک لەسەر بەکارهێنانی جێناوی خۆیی:

✓ کەسی یەکەم:

| | |
|---|---|
| من **خۆم** ئەرکەکانم جێبەجێ کرد. | J'ai fait mes devoirs **moi-même**. |
| ئێمە **خۆمان** کۆنفرانسەکە ئامادە دەکەین. | Nous allons **nous-même** préparer la conférence. |

✓ کەسی دووەم:

| | |
|---|---|
| پێویست دەکات **خۆت** بێی بۆ واژۆکردنی پەڕاوەکان. | Tu dois venir **toi-même** pour signer les papiers. |
| من باوەڕ بەوە ناکەم کە ئێوە **خۆتان** هاتوون بۆ بینینی من. | Je ne crois pas que vous êtes venue **vous-même** pour me voir. |

✓ کەسی سێیەم:

| | |
|---|---|
| ئەوە ئازادە لە بەرانبەرمانە؟ بەڵێ **خۆیەتی**. | C'est Azad qui en face de nous ? oui, c'est **lui-même**. |
| ئەوە چییە ئەو پەشێوییە لە ژوورەکە، دەبێت ئەوان **خۆیان** ڕێکی بخەنەوە. | C'est quoi ce bazar dans la chambre, elles doivent **elle-même** ranger tout ça. |

جێناوی خۆیی لە هەردوو زمانی کوردی و فەرەنسیدا بۆ دوو مەبەست بەکار دێن، بۆ جەختکردن یاخود ئەگەر هاتوو (بکەر) و (بەرکار)ی ڕستەکە یەک بن ئەوا دەتوانین جێناوی خۆیی بەکار بێنین، وەک:

| | |
|---|---|
| من خۆم **خۆمم** بریندار کرد. | Je me suis blessé **moi-même**. |

## ٤،٣ جێناوی نیشانە (Pronoms démonstratifs)

جێناوی نیشانە ئەو جێناوانەن کە شوێنی ناوێک دەگرنەوە و بیرۆکەی دەستنیشانکردنی بۆ زیاد دەکەن Guillot (٢٠٠٦، ٣-٨)، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| لەو دوو منداڵە، **ئەوەیان** زیرەکترە. | De ces deux enfants, **celui–ci** est plus intelligent. |

جێناوە نیشانەکان ئەوانەی خوارەوەن:

| کوردی | | فەرەنسی | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تاک | کۆ | تاک | | | کۆ | |
| | | نێر | مێ | بێلایەن | نێر | مێ |
| – | – | Celui | Celle | Ce | Ceux | Celles |
| ئەم، ئەمە | ئەمان، ئەمانە | Celui–ci | Celle–ci | Ceci | Ceux–ci | Celles–ci |
| ئەو، ئەوە | ئەوان، ئەوانە | Celui–là | Celle–là | Cela | Ceux–là | Celles–là |

خشتە ٦: جێناوە نیشانەکان لە زمانی فەرەنسی و کوردیدا

بۆ Celui–ci, Celles–ci, Ceci, Ceux–ci, Celle–ci ئەو کەسانە یان شتانە بەکار دێن کە نزیکن و هاوتای (ئەم، ئەمە، ئەمانە)ن لە زمانی کوردیدا.

بۆ Celui–là, Celle–là, Cela, Ceux–là, Celles–là ئەو کەسانە یان شتانە بەکار دێن کە دوورن و هاوتای (ئەو، ئەوە، ئەوان، ئەوانە)ن لە زمانی کوردی.

Celui, Celle, Ce, Ceux, Celles بۆ ئەو کەسانە یان شتانە بەکار دێن کە ئاستی دوور و نزیکیان نییە، لە زمانی کوردیدا هاوتایان نییە.

دەبێت ئاگامان لەوە بێت کە وشەی ce بە ئاوەڵناوی نیشانەیش دێت کە لەو حاڵەتەدا هەموو کات لە پێش ناو دێت، بەڵام لە حاڵەتی جێناوی نیشانە هەرگیز لە پێش ناو نایەت، بۆ نموونە:

✓ حاڵەتی ئاوەڵناوی نیشانە:

| | |
|---|---|
| **ئەو** پاسکیلە. | **Ce** vélo. |
| **ئەو** گوندە. | **Ce** village. |

✓ حاڵەتی جێناوی نیشانە:

| | |
|---|---|
| ئەوەی **کە** دڵخۆشم دەکات خوێندنە. | **Ce** qui me plaît, c'est l'étude |

### ٥٫٣ جێناوی لێکدەر (Pronoms relatifs)

جێناوی لێکدەر ئەو جێناوانەن کە شوێنی ناوێک دەگرنەوە کە پێش ئەوان هاتووە و دوو ڕستە بەیەکەوە دەبەستنەوە، بۆ نموونە : Glatigny (٢٠٠٣، ٢١١-٢٧٠)، Darmesteter (١٩٣١- ٣٣)

| | |
|---|---|
| مانگ، **کە** ٣٨٠،٠٠٠ کم لە زەوی دوورە | La lune, **qui** est ٣٨٠،٠٠٠ km de la terre |
| ئەو کتێبانەی **کە** دەیانخوێنمەوە زۆر سەرنجڕاکێشن. | Les livres, **que** j'étudie sont très intéressants. |
| ئەو پیاوە**ی** لەگەڵم دەدوا باوکم بوو. | L'homme **que** je parlais avec, est mon père. |

جێناوە لێکدەرەکان ئەمانەن : qui, quoi, que, dont, où, lequel.

lequel ئەو فۆرمانەی خوارەوە وەردەگرێت، بە گوێرەی شوێنی بەکارهێنانی.

| کوردی | فەرەنسی | | | |
|---|---|---|---|---|
| | تاک | | کۆ | |
| | نێر | مێ | نێر | مێ |
| کە | Lequel | Laquelle | Lesquels | Lesquelles |
| | Duquel | De laquelle | Desquels | Desquelles |
| | Auquel | À laquelle | Auxquels | Auxquelles |

خشتە ٧: جێناوی لێکدەر لە زمانی فەرەنسی و کوردیدا

| | |
|---|---|
| ئەوە ئۆتۆمبێلەکەمە **کە** پێی دەچم بۆ گەشت. | C'est ma voiture avec **laquelle** je voyage. |

وشەی voiture لە زمانی فەرەنسیدا ناوێکی مێیە و تاکیشە، بۆیە جێناوی لێکدەرەکە فۆرمی مێی تاکی وەرگرتووە.

| | |
|---|---|
| ئەوە پاسکیلەکەمە **کە** پێی دەچم بۆ بازاڕ. | C'est mon vélo avec **lequel** je vais aux marchés. |

وشەی vélo لە زمانی فەرەنسیدا ناوێکی نێرە و تاکیشە، بۆیە جێناوی لێکدەرەکە فۆرمی نێری تاکی وەرگرتووە.

دەبێت ئاگامان لەوە بێت کە وشەی où بە مانای (یان) یش دێت، بۆ جیاکردنەوەی بە شێوەی ou دەنووسرێت، سەرنجی ئەو نموونانەی خوارەوە بدە:

✓ حاڵەتی ou بە مانای (یان):

| | |
|---|---|
| ئەمەیانت دەوێت **یان** ئەوەیان؟ | Tu veux cela **ou** ceci. |

✓ حاڵەتی où جێناوی لێکدەر:

| | |
|---|---|
| ئەو خانووەی **کە** لێی دەژیم. | La maison **où** j'habite. |

### ٦,٣ جێناوی پرس (Pronoms interrogatifs)

وەک لە ناوەکەیدا دیارە، جێناوە پرسەکان بۆ پرسیارکردن بەکار دەهێنرێن. زۆرجار وەک یەکەم وشەکان لە ڕستەی پرس دەردەکەون. تێبینی دەکرێت کە جێناوە پرسەکان شێوەی مۆرفۆلۆژی هاوشێوەی جێناوە لێکدەرەکانن (Eka ،٢٠٠٨، ١٠)، Bikic-Caric (٢٠١٧، ١٢١-١٢٥)، بەڵام جیاوازی نێوانیان لە تایبەتمەندییە پێکهاتەیی و کردارییەکاندا دەبێت. بۆ نموونە، جێناوە پرسەکان بە شێوەیەکی بەردەوام پرسیار دەکەن، بەڵام جێناوی لێکدەر بۆ لێکدانی دوو ڕستە بەکاردێن. جێناوە پرسەکان ئەمانەن: (کێ، چی، کام و چۆن) (qui, quoi, que, où, lequel). نموونەکان لە خوارەوە پێشکەش دەکرێن. جێناوە لێکدەرەکانی وەک بۆ پرسیار کردنیش بەکار دێن لەو حاڵەتەدا پێیان دەگوترێت جێناوی پرس، لێرەدا لە پێش ناو نایەن، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| لە **کێ** دەگەڕێن؟ | **Qui** cherchez-vous ? |
| باسی **کام** لەو پیاوانە دەکەن؟ | **Duquel** de ces hommes parlez-vous ? |

### ٧,٣ جێناوی هاوبەش (Pronoms réciproques)

جێناوی هاوبەش ئامرازێکی گرنگی زمانە بۆ دەربڕینی کردارێک کە لە نێوان دوو کەس یان زیاتردا ڕوودەدات. بۆ نموونە، کاتێک دەڵێین:

| | |
|---|---|
| Ils s'aiment.<br>Ils aiment l'un l'autre. | ئەوان یەکتریان خۆش دەوێت. |

لە نموونەکە مەبەست ئەوەیە هەر یەکەیان ئەوی تری خۆشدەوێت. تایبەتمەندیی جێناوی (یەکتر، یەکدی، l'un l'autre، se، s') پێویستی بە دوو لایەنی کردار هەیە، واتە کردار دەبێت بە شێوەیەکی هاوبەش و بەرانبەر ڕوو بدات، بۆیە لەو ڕستانەی ئەم جۆرە جێناوەی تیادا بەکار هاتووە بکەرە هەردەم کۆیە. لەبەرئەوەی کردارەکە هاوبەشە لە نێوان دوو کەس یان زیاتر. لە زمانی فەرەنسی دوو جۆر جێناوی هاوبەش هەن، بە بەکارهێنانی وشەی (l'un l'autre) و (s'، se). (s') دەچێتە سەر ئەو کارانەی بە پیتی بزوێن دەست پێ دەکەن.

### ٨،٣ جێناوی نادیار و دیار (indéfinis/définis)/ نەرێیی (négatifs) / چەندێتی (quantitatifs)

جێناوی نادیار/ دیار:
بەم جێناوانە دەگوترێت نادیار کە بە نا ڕوونی جێی ناوی کەس یان شت دەگرنەوە بەوانەش دەگوترێت دیار کە بە ڕوونی جێی ناو دەگرنەوە Flaux (٢٠٠٨، ٩٩-١١٥)، Landragin (٢٠١٤، ٩٩-٢١٥)، سەرنجی خشتەی ١١ و ١٢ بدە:

| | |
|---|---|
| **On** frappe la porte. | **کەسێک** لە دەرگە دەدات. |
| **Quelqu'un** vous appelle. | **یەکێک** بانگتان دەکات. |

خشتە ١١: نموونەی جێناوی نادیار

| | |
|---|---|
| **Tous** les étudiants ont réussi. | **هەموو** قوتابییەکان دەرچوون |

خشتە ١٢: نموونەی جێناوی دیار

- جێناوی نەرێیی:
جێناوی نەرێیی، ئەو جۆرە جێناوانەن کە بوونی شتێک یان کردارێک ڕەت دەکەنەوە. ئەم جۆرە جێناوانە گرنگن بۆ دەربڕینی نەفی و پووچەڵکردنەوەی بیرۆکەیەک یان کردارێک، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| Je ne vois **personne** dans la sale | **کەس** نابینم لەناو ژوورەکە. |
| Je ne vois **rien** dans la salle. | **هیچ** نابینم لە ناو ژوورەکە. |

- جێناوی چەندێتی:
جێناوی چەندێتی بڕ و چەندایەتی شتەکان دەردەبڕن، وەک ئەم جۆرە جێناوانە یارمەتیدەرن بۆ گواستنەوەی زانیاری وردتر دەربارەی ژمارە، بڕ، یان چەندایەتیی شتەکان لە ڕستەدا، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| **Certain** entre vous ont reussi l'examen. | **هەندێک** لە ئێوە لە تاقیکردنەوەکە دەرچوون. |

ئەو جۆرە جێناوانە دوو بەشن، گۆڕاو و نەگۆڕ.
autrui, on, personne, quiconque, plusieurs, rien,
جێناوی نەگۆڕاون، گۆڕاوەکانیش ئەوانەی خوارەوەن:

| کوردی | | فەڕەنسی | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | | مێ | |
| تاک | کۆ | تاک | کۆ | تاک | کۆ |
| هیچ | | Aucun | Aucuns | Aucune | Aucunes |
| تر | | Autre | Autres | Autre | Autres |
| هەندێک | | Certain | Certains | Certaine | Certaines |
| هەرکەس | | Chacun | – | Chacune | – |
| یەکێک | | L'un | Les uns | L'une | Les unes |
| هیتر | | L'autre | Les autres | L'autre | Les autres |
| هیچ | | Nul | – | Nulle | – |
| یەکێک | | Quelqu'un | Quelques-uns | Quelqu'une | Quelques-unes |
| وەک | | Tel | Tels | Telle | Telles |
| هەموو | | Tout | Tous | Toute | Toutes |

خشتە ٨: جێناوی نادیاری گۆڕاو لە زمانی فەڕەنسیدا

ئەمانەی خوارەوە هەندێک نموونەن لەسەر جێناوە نادیارە گۆڕاوەکان:

| | |
|---|---|
| **هیچ** چارەسەرێک نییە بۆ ئەم کێشەیە. | Il n'y a **aucune** solution pour ce problème. |

لێرەدا جێناوی (aucune) لە پێش ناوی (solution) هاتووە کە ناوێکی مێی تاکە، بۆیە جێناوەکەش ئەوفۆڕمەی وەرگرتووە.

| | |
|---|---|
| **هەموو** ئەو کوڕانەی کە تەمەنیان لە ١٨ ساڵ زیاترە دەبێت بچن بۆ خزمەتی سەربازی. | **Tous** les garçons qui ont plus de ١٨ ans doivent aller aux services militaires. |

لێرەدا جێناوی (Tous) لە پێش ناوی (garçons) هاتووە کە ناوێکی نێری کۆیە، بۆیە جێناوەکەیش ئەو فۆڕمەی وەرگرتووە.

## ٤.ئەنجامەکان

لەم توێژینەوەیەدا، بەراوردکردنی جێناوەکان لە زمانی کوردی و فەڕەنسیدا گەلێک تایبەتمەندی و جیاوازیی گرنگمان بۆ دەرکەوت. سەرەڕای هەبوونی دە جۆر جێناوی هاوبەش لە هەردوو زمانەکەدا، هەر یەکەیان شێوازی تایبەتی خۆیان لە بەکارهێنان و گواستنەوەی واتادا هەیە.

چوار تایبەتمەندیی سەرەکی لەم بەراوردەدا دەرکەوتن:

١. جیاوازترین تایبەتمەندیی سیستەمی جێناوی کوردی ئەوەیە کە جێناوی لکاو و سەربەخۆی هەیە، بەڵام زمانی فەڕەنسی تەنیا جێناوی سەربەخۆی هەیە.
٢. لە ڕووی ڕەگەزەوە، زمانی فەڕەنسی جیاوازیی نێوان نێر و مێ دەکات، بەڵام زمانی کوردی

(بەتایبەت دیالێکتی سۆرانی) ئەم جیاوازییە ناکات.

٣. هەردوو زمان، سیستەمێکی هاوبەشیان هەیە بۆ پۆلینکردنی جێناوەکان، بەڵام شێوازی جێبەجێکردنیان جیاوازە.

٤. لە هەردوو زمانەکەدا، جێناوەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە گواستنەوەی واتا و دروستکردنی پێوەندییە زمانییەکان هەیە.

ئەم توێژینەوەیە نیشانی دەدات کە زمان سیستەمێکی زیندووی پێوەندیی کۆمەڵایەتی و گواستنەوەی بیرۆکەیە، نەک تەنیا ئامرازێک بێت بۆ پێوەندیکردن. جیاوازییەکانی نێوان زمانەکان، بەتایبەت لە بواری جێناوەکاندا، ئەو دەوڵەمەندییە زمانی و کولتوورییە دەردەخەن کە هەر کۆمەڵگەیەک بە شێوەیەکی تایبەت پەیامەکانی خۆی دەگوازێتەوە.

هەروەها توێژینەوەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە بۆ تێگەیشتنی قووڵتری جیاوازییەکان، پێویستمان بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە، بەتایبەت لە بوارەکانی وەرگێڕان و بەراوردی زمانەوانیدا. ئەم بەراوردە زمانەوانییە دەرگەیەکی نوێ دەکاتەوە بۆ تێگەیشتنێکی قووڵتر لە پرۆسەی پێوەندی زمانەوانی و چۆنیەتی گواستنەوەی واتا لە زمانە جیاوازەکاندا.

## ٥. لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان


- ✓ بەدرخان سلێمان عەلی (٢٠٠٦)، جێناوی خۆیی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغداد.
- ✓ پەخشان فەهمی فەرحۆ (٢٠٢٢)، ئاوەڵناوی لێکدراو لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان زمانی کوردی و فەرەنسیدا، تێزی دکتۆرا، بەشی کوردی، کۆلیجی بنیات، زانکۆی سەلاحەددین.
- ✓ پ.د. ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات.
- ✓ نەریمان عبداللە خۆشناو (٢٠٠٩)، ڕێزمانی کوردی بەشەکانی ئاخاوتن، چاپخانەی منارە.
- ✓ نەریمان عبداللە خۆشناو (٢٠١٢)، ڕێزمانی کوردی کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی سەروو، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- ✓ نوری عەلی ئەمین (٢٠١٢)، ڕێزمانی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات.
- ✓ پ.د. وریا عمر ئەمین (٢٠٠٤)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- ✓ وریا عمر ئەمین (١٩٨٦)، ڕێزمانی ڕاناوی لکاو، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.
- ✓ د. نەسرین فەخری و د. کوردستان موکریانی (١٩٨٢)، ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی بەشی زانستی کوردی، زانکۆی سەلاحەددین.
- ✓ مەسعوود محەمەد (١٩٧٤) ، سورێکی خامە بە دەوری (ڕاناو)دا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد
- ✓ بەرگی دووەم بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا.

## سەرچاوە بیانییەکان

- Alain DELAUNAY, « PERSONA », Encyclopædia Universalis, consulté le 18 décembre2019.
- Branca Sonia. L'art d'écrire de Condillac (1775); à propos de quelques règles prescriptives : traitement des ellipses et des anaphores. In: Langue française, n°48, 1980. Histoire de la linguistique française, sous la direction de Sylvain Auroux et Jean-Claude Chevalier. pp. 44-56.
- Bikic-Caric, G. (2017). Bidaud, Samuel, (2016): La vicariance en francais et dans les langues romanes (italien, espagnol, portugais). Thélème. Revista Complutense de Estudios Franceses,32(1), 121-125.
- Carton, F. (2009). Etude prosodique d'un cas de détachement. Les pronoms personnels pseudo-disjoints dans un corpus de presse parlée en français. In Les linguistiques du détachement. Actes du colloque international de Nancy, Bern, Peter Lang (pp. 173-187).
- Darmesteter A., 1931, Cours de grammaire historique de la langue française. T. III : Formation de mots et vie des mots, Paris, Delagrave.
- De Kok, A. (1985). La place du pronom personnel régime conjoint en français : une étude diachronique (No. 23). Rodopi.
- Eka, D. (2008). Elements of Grammar and Mechanics of the English Language. Uyo: Samuf (Nigeria) Limited.
- Wagner, R. L., & Pinchon, J. (2014). Grammaire du français classique et moderne. Hachette Éducation.
- Glatigny M., 2003, « Les relatifs », in Combettes B., Evolution et variation en français préclassique. Etudes de syntaxe, Paris, Honoré Champion, p. ٢١١-٢٧٠.
- Guillot, C. (2006). Le démonstratif en français–présentation. Langue française, (4), 3-8.
- Landragin, F., & Tanguy, N. (2014). Référence et coréférence du pronom indéfi Flaux, N. (2008). Les pronoms indéfinis en français : une classe à (re) définir. Travaux de linguistique, (1), ٧-٤٦. ni on. Langages, (٣), ٩٩١٥.
- Moignet, G. (1981). Systématique de la langue française. París : Éditions Klincksieck.
- Van Deyck, R. (2003). Le 'pronom personnel'dans la tradition grammaticale. Hadermann, P., ea (éds.), La syntaxe raisonnée. Mélanges de linguistique générale et française offerts à Annie Boone, Champs Linguistiques, Bruxelles-Paris, De Boeck & Larcier, 167-181.
- Von Wartburg, W., & Zumthor, P. (1958). Précis de syntaxe du français contemporain. Berne: A. Francke.

## الملخص

في هذه الدراسة، سنسلط الضوء على الضمائر في اللغتين الكوردية والفرنسية ونبرز اختلافاتها. دور الضمائر في اللغة مهم وواسع جدًا، لذلك تعتبر الضمائر واحدة من أهم المواضيع اللغوية وقد أُجريت عليها العديد من الدراسات. في الضمائر، تأتي ظاهرة الشخصية والذات في المقام الأول. في اللغة الكوردية، تُستخدم مصطلحات متعددة مثل (جنناو، راناو، جنام، رانافا، إلخ)، ولكن استخدام كلمة (جنناو) أوسع من جميع المصطلحات الأخرى، لذلك سنستخدم مصطلح (جنناو) في هذه الدراسة. في هذا الإطار، سندرس الاختلافات بين أنواع الضمائر المختلفة في اللغتين الكوردية والفرنسية. في اللغة الفرنسية، توجد فقط الضمائر المستقلة، على عكس اللغة الكوردية التي تحتوي أيضًا على الضمائر المتصلة. في كلتا اللغتين الكوردية والفرنسية، هناك عشرة (١٠) أنواع مختلفة من الضمائر المستقلة. في كلتا اللغتين، تتغير الضمائر حسب الشخص والعدد والجنس. في المقارنة، يتضح لنا أنه عند ترجمة الضمائر الفرنسية إلى اللغة الكوردية، يمكن أن تكون مكافئاتها ضمائر مستقلة أو متصلة، لذلك تحل الضمائر المستقلة الفرنسية محل جميع الضمائر المتصلة الموجودة في اللغة الكوردية. في اللغة الفرنسية، هناك بعض الضمائر لها شكل وأسلوب واحد. تُظهر الدراسة كيف تنقل الضمائر المعنى وتخلق علاقات لغوية معقدة.



الكلمات المفتاحية: الضمير، مستقل، ملحق، مقارنة، كردي، فرنسي


# Pronouns in Kurdish and French Languages: A Comparative Study


## Abstract

The focus of the present research is on pronouns in Kurdish and French languages while highlighting their differences. The role of pronouns in any language is highly significant and extensive. Pronouns are among the significant linguistic topics and have been the subject of numerous studies. In pronouns, the phenomena of personality and personality come first. In the Kurdish language, various terms such as (jênaw, rênaw, jênam, rênav, etc.) are used; however, the use of the word (jênaw) is broader than all other terms, so we will use (jênaw) in this study. In the present framework, we will explore the differences between various types of pronouns in Kurdish and French languages. In the French language, only independent pronouns exist, in contrast to the Kurdish language, which also has attached pronouns. In both Kurdish and

French languages, there are ten different types of independent pronouns. In both languages, pronouns change according to person, number, and gender. In the comparison, it becomes clear that when translating French pronouns into Kurdish, their equivalents can be independent or attached pronouns. Additionally, all the attached pronouns in the Kurdish language are replaced by independent pronouns in the French language. In the French language, there are some fixed pronouns which they have one form and do not change according to the name they replace. The study shows how pronouns convey meaning and create complex linguistic relationships.

Key Words: Pronoun, Independent, Attached, Comparison, Kurdish, French.